# کوردناسی رووس ئۆلگە ئیڤانۆڤنە ژگالینا (1946-2013)

(**Ольга Ивановна Жигалина**)

**ID No. 4080**

(PP 150 - 163)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.5.11

**هەوراز جەوهەر مجید**    **نەهرۆ ئیسماعیل محمد**

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

Hawraz.majid@su.edu.krd    Nahro.muhammad@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2021/05/04**

**پەسندکردن : 2021/08/08**

**بڵاوکردنەوە : 2021/11/20**

**پوختە**

ژگالینا بەیەکێك لەبەناوبانگترین کوردناسانی رووس دادەنرێت، لەسەر ئاستی رووسیا زۆرترین توێژینەوەی زانستی لەسەر مێژووی کورد نووسیوە، ژگالینا لەگەڵ بەشێکی زۆر لە رۆژهەڵاتناسە بەناوبانگەکانی وەکو(لازاریف و خالفین و پریماکۆف..) کاری کردووە، هەر ئەوانیش یارمەتیانداوە ببێتە رۆژهەڵاتناس و گرینگی بەمێژوو و کێشەکانی کورد بدات. بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی نووسەر بەزمانی رووسی بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرەتای هەشتایەکان هەندێك لەبەرهەمەکانی بەزمانی ئینگلیزی و ئەلمانی نوسیووە لە گۆڤارە زانستییەکانی رۆژئاوا بڵاوی کردۆتەوە، رۆڵێکی گرینگی هەبووە لە ناساندنی مێژووی نوێی کورد بەوڵاتان. ژگالینا لەساڵی(2004)لەشوێنی رۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ(م.س.لازاریف) دەبێتە بەرپرسی بەشی کوردناسی لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لقی مۆسکۆ، بەردەوام دەبێت لەکارکردن لەم بەشەدا تا (23ئۆکتۆبەری 2013) لەشوێنی کارەکەی کۆچی دوایدەکات.

**کلیلی وشەکان:** کوردناسی، ژگالینا، پەیمانگا، ئەرشیفخانە، سۆڤیەت، رۆژهەڵاتناسی.

## پێشەکی

**گرینگی توێژینەوەکە:** ژگالینا بۆ ماوەی سی ودوو ساڵ لەبەشی کوردناسی پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی مۆسکۆ کاریکردووە خزمەتی زۆری بەنووسینەوەی مێژووی کورد گەیاندوە، ئەگەرچی تاوەکو ئێستا لەلایەن بەشێکی زۆر لەمێژوونووسانی کورد بەباشی ناناسرێت و توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر کاروبەرهەمەکانی نەکراوە و کتێبەکانیشی وەرنەگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەکە بۆ ناساندنی ماندووبوون و کاروبەرهەمەکانی ئەم کوردناسە، کە بۆماوەی زیاتر لە چارێکە سەدەیەك خۆی تەرخانکردووە بۆ خزمەتی نووسینەوەی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد، بە پشت بەستن بە چەندین بەڵگەنامە و سەرچاوەی دانسقە لە ئەرشیفخانەی یەکێتی سۆڤیەت، کە مێژوونووسانی کورد بەزەحمەت دەستیان پێدەگات، توانیویەتی کەلێنێکی گەورە لە نووسینی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد پربکاتەوە.

### سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە:

بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەو سەرچاوانەی بەکارهاتووە زۆربەیان بەزمانی رووسین، هەرچەند هیچ کتێبك لەبەردەستدا نییە باس لەژیانی نووسەر بکات هەوڵدراوە لەرێگەی پەیوەندی کردن بەکارمەندانی پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی لقی مۆسکۆ چەند زانیارییەك لەبارەی بیۆگرافیای ژیانی نووسەر وەربگرین. ئەو سەرچاوانەی سوودی لێوەرگیراوە گۆڤاری(( Специальный бюллетень ((Востоковедения АН СССР, 1980.....1990. Института زۆربەی ئەو ژمارانەی ژگالینا بابەتی تێدا نووسیوە، لەگەڵ((Курдский вопрос в политике современного Ирана.)) ،و(( Курдские ханства Хорасана ((при последних Каджарах: конец XIX – начало XX века. ،( Мулла мустафа барзани- исторический портрет)، لەگەڵ سوودوەرگرتن لەهەموو ئەو سەرچاوانەی لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەی پێکراوە.

**بیۆگرافیای ژیانی کوردناس ئۆلگە ئیڤانۆڤنە ژگالینا**

**1. ژیاننامەی کوردناس ژگالینا:**

ناوی تەواوی ئۆلگە ئیڤانۆڤنە ژگالینا(Olga Ivanovna Zhigalina) بە یەکێك لە رۆژهەڵاتناسە بەناوبانگەکانی رووسیا دادەنرێت، ژگالینا لەساڵی 1946 لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتاو ناوەندی لەمۆسکۆ تەواوکردوە پاشان لەساڵی1965 دەچێتە زانکۆ لەبەشی زمانەوانی لقی( رۆمان– جێرمانی) لەزانکۆی مۆسکۆ-(لامەنەسۆف)دەخوێنێت، لەساڵی1969 خوێندنی زانکۆ تەواودەکات، لە هەمانساڵدا بەهۆی ئارەزووی بۆ رۆژهەڵاتناسی پەیوەندی دەکات بە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی رووسی ئەکادیمیای زانستی- لقی مۆسکۆ، لەو دەزگایە دادەمەزرێت، ئەو پەیمانگایە لەلایەن ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤیەت پشتگیری دەکرا( Жигалина, 2001,C1)، دوای ساڵێك بەهۆی لێهاتووی دەبێتە بەپرسی توێژینەوەکانی تایبەت بەکاروباری ئاسیای ناوەڕاست، شارەزایی لە زمانەکانی ئەلمانی و ئینگلیزی و فارسی هەبوو، بەهاوکاری مێژوونووسی بەناوبانگ دکتۆر خالفین ئەوکاتی پسپۆرێکی بەناوبانگ بوو لەبواری سەرچاوەکانی مێژوو، یەکەمین کاری کە پێی دەسپێردرێت ئەویش وەرگێران و بڵاوکردنەوەی یاداشتی جەنراڵێکی رووسی بوو بەناوی (ئی.ف. بلارامبێرگ -И.Ф.Бларамберга) لەزمانی ئەلمانییەوە وەریدەگێرێت بۆ سەر زمانی رووسی پەراوێزی بۆ دەنووسێت(Бларамберг, 1978, С1-5-).

وادیارە رۆژهەڵاتناسی ئەو بوارەبوو ژگالینا ئارەزووی دەکرد تیایدا درێژە بەخوێندن بدات، ئەوەبو دەستەکات بەخوێندنی دکتۆرا لەبواری مێژوو لەساڵی 1973 بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستدەهێنێت، تێزی نامەکەی بەسەرپەرشتی دکتۆر خالفین[1] دەبێت، بەناونیشانی(کێشەی ئاسیای ناوەڕاست لەمێژووی ئینگلیز لە سەدەی نۆزدە -سەرەتایی سەدەی بیست) (نامەی پ.رۆژهەڵاتناسی مۆسکۆ، 2021/1/11).

ژگالینا لەساڵی(1974 تا 1979) لەگەڵ هاوسەرەکەی دەچێتە وڵاتی ئێران لەبەشی رۆشنبیری هەواڵ و چاپەمەنی( АПН)[2] قونسوڵخانەی رووسیا لە ئێران کار دەکات، لەوماوەیەدا بەزۆربەی ناوچەکانی ئێراندا دەگەڕێت فێری زمانی فارسی دەبێت، سەردانی زۆربەی شارەکانی ئێران دەکات و لەنزیکەوە ئاشنای بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کێشە سیاسییەکانی کورد دەبێت(сайтИнститута востоковедения РАН (www.ivran.ru).

ژگالینا لەساڵی(1979)لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ پەیوەندی دەکات بە تورکناس و کوردناسی بەناوبانگ پرۆفیسۆر دکتۆر(گاسراتیان م. أ. (Гасратян М. А.[3]) بەهاوکاری ئەو دەستەکات بەتوێژینەوە لەناوەندە ئەکادیمییەکاندا. لەناو رۆژهەڵاتناسیدا رێڕەوی رۆژهەڵاتناسە ئەکادیمستەکان دەگرێتەبەر، پاشان دووبارە دەچێتەوە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی لەبەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەمەزرێت، کە ئەوکات بەشێکی زۆر لە رۆژهەڵاتناس و کوردناسە بەناوبانگەکانی وەکو(لازاریف و تسبالۆف

---

[1] ن.أ خالفین(khalfin N.A): یەکێکە لەرۆژهەڵاتناسە بەناوبانگەکانی روسیا، لە8 تشرینی یەکەمی ساڵی 1921 لە شاری کیف لەدایك بوو، لە زانکۆی کیف لە کۆلیژی ئاداب بەشی زمانەکانی خوێندووە، لەساڵی1945-1956 دەبێتە بەرێوەبەری ئەرشیفخانەی مێژووی کۆماری ئۆزپاکستانی سۆڤیەت، لەهەمانکاتدا دەبێتە مامۆستا لەزانکۆ ئاسیای ناوەراست لە ئۆزپاکستان، بەشداری چەندین کۆنفراسی رۆژهەڵاتناسی کردووە، لەساڵی 1987 لەمۆسکۆ کۆچی دوایی دەکات، لە ماوەی ژیانیدا زیاتر لە150 کتێب و توێژینەوەی نووسیوە لەوانە(الصراع على كوردستان ( المسألة الكوردية في العلاقات الدولية خلال القرن التاسع عشر ) ، موسكو ، 1963. لەلایەن دکتۆر احمد عوسمان ابو بكر وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی، لەساڵی 1969(حصاف، العدد 16 – سنة 2010، ص337-338)

[2] ( Press Agency News= АПН)

[3] گاسراتیان م. أ.(Gasratian Manvel Arsenovich ): 21مایی لەساڵی 1924 لەخێزانێکی ئەرمەنی لە گوندی کالاگان لە هەرێمی ئیسماعیلەی ئازەربیجانی یەکێتی سۆڤیەت لەدایك بووە، بەیەکێك لە بەناوبانگترین رۆژهەڵاتناسی یەکێتی سۆڤیەت دادەنرێت، دوای تەواوکردنی خوێندن، یەکێك بووە لەوانەی بەشداری جەنگی جیهانی دووەم(1941-1945)کردووە، مەدالیای رێزلێنانی پێبەخشراوە، لەدوای جەنگ لەساڵی 1948 دەچێتە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی، لەساڵی 1979 خوێندنی دکتۆرا تەواودەکات، تێزی نامەکەی بەناونیشانی کێشەی کورد لە تورکیا، لەساڵی(1961-1967)وەکو توێژەری سەرەتایی لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی کار دەکات، لە1968-1984 دەبێتە سەرۆکی بەشی توێژینەوەی پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی، زیاتر لەپەنجا ساڵ خەرێکی توێژینەوە بووە لەسەر کێشەکانی کورد لە تورکیا، 80 بەرهەمیشی نووسیوە، لەگەڵ چەندین رۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی کاریکردووە، لەساڵی 1997 کۆچی دوایی کردووە(Жигалина, лазаревские чтениявыпуск, Москва, II,2012, С14).

و پریماکۆڤ )چەندانی دیکەی کاریان تێدادەکرد، بەهاوکاری پریماکۆڤ(Е.М.Примаков[4] دەستدەکان بەلێکۆڵینەوە لەسەر مێژوو و کێشەکانی کورد، کۆمەڵێك توێژینەوەی مێژوویی و شیکاری بۆ بارودۆخی ئێتنی کوردستانی رۆژهەڵات ئەنجامدەدات لە گۆڤاری پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی بڵاوی دەکاتەوە(http:-naukarus.com/2014). ئەوەش دەبێتە دەسپێکی کارکردنی لەبواری کوردناسی.

ژگالینا بەشداری چەندین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کردووە لەسەر ئاستی جیهان لەبارەی کێشەکانی کورد بەناوبانگترینی کۆنگرەی ساڵی(1996) لەپاریس بەناوی ((کورد و شارەکانیان ))، هەروەها بەشداری زۆربەی ئەو کۆنفرانسانەی کردووە لە( ئۆکسفۆرد و پاریس و ڤێنا و رافینا)، کە پەیوەندی بەئێران و نەتەوەی کورد و کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبووبێت. هەروەها یەکێك بوو لەرێکخەرانی کۆنفرانسی ساڵانەی (چتێنەی لازاریف) کە ساڵانە توێژینەوە و سیمیناری لەسەر کورد پێشکەش کردووە، هەروەها بەرێوەبەری گۆڤاری((چتێنەی لازاریف) بوو تاوەکو کۆچی دوایی دەکات(Лазаревские чтения, Москва, 2012, C1؛ ئەرشیفی ڤیدۆیی پ. رۆژهەڵاتناسی-مۆسکۆ).

لەساڵی(2004) ژگالینا دەبێتە بەرپرسی بەشی کوردناسی لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی لقی مۆسکۆ( Курды. Легенда Востока, 2018, C440)، لەو ماوەیەشدا بەسوود وەرگرتن لە ئەرشیفی پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی و ئەرشیفی دەوڵەمەندی یەکێتی سۆڤیەت چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر مێژووی کوردو کوردستان و پەیوەندیەکانی یەکێتی سۆڤیەت بە کورد بڵاودەکاتەوە. بەشێوەیەکی گشتی زیاتر لە(500)توێژینەوە و کتێب و وتار و راپۆرت و سیمیناری لەسەر کورد کردووە. ئەو بەرهەمانەی ژگالینا نووسیویەتی زۆربەیان لە گۆڤاری ئەکادیمیای زانستی پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی و هەندێکیشیان لە گۆڤارە زانستییەکانی رۆژئاوا بەزمانی ئینگلیزی و ئەلمانی بڵاوکراوەتەوە(نامەی پ.رۆژهەڵاتناسی مۆسکۆ، 2021/1/11). هەروەها لەسەرەتای نەوەدەکان ژگالینا دەبێتە ئەندام لە ئەنجوومەنی ئەکادیمیای یەکێتی سۆڤیەت بۆ لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵات. هەروەها دەبێتە مامۆستا لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی و سەرپەرشتی چەندین قوتابی دکتۆرای دەکات، کە ئێستا لەناوەندەکانی ئەکادیمیای رووسیا بەناوبانگن(www.ivran.ru,).

لەساڵی(2005) بەهۆی کارە زۆرەکانیەوە نازناوی پرۆفیسۆر بە ئۆلگە ئڤانۆڤنە ژگالینا دەبەخشرێت، دەبێتە ناوێکی دیار لەناوەندە ئەکادیمیاییەکانی رووسیا، هەروەها بەهۆی ماندوبوونەکانییەوە دەبێتە جێگای بایەخ لەلایەن هەندێك لە سەرکردەکانی کورد، لە(23فێبرالی ساڵی 2013) سەرۆکی ئەو کاتی هەرێمی کوردستان بەرێز مسعود بارزانی سەردانی ژگالینا دەکات لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی مۆسکۆ، سوپاس وپێزانینی خۆی پێرادەگەینێ سەبارەت بەماندووبوون و کارەکانی( kurdistan.ru 21 февраля/2013/)، بەڵام زۆری پێ ناچێت لە هەمانساڵدا لە(23ئۆکتۆبەر/2013) ژگالینا کۆچی دوای دەکات، بەڕێز مسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم پرسنامە دەنێرێت و سەرەخۆشی خۆی ئاڕاستەی بنەماڵەکەی دەکات(پرسەنامە سەرۆکی هەرێم، 2013/10/28).

**کارەکانی ژگالینا وەك کوردناسێك لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی مۆسکۆ[5]:**

---

[4] ئەڤگینی ماکسیمۆڤیچ پریماکۆڤ( Yevgeny Maksimovich Primakov) ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٩ لە کیف ی ئۆکرانیا لەدایك بووە، پریماکۆڤ کەسێکی ئەکادیمی رۆژهەڵاتناس بوو و ئەندامی ئەکادیمیای زانستی رووسیا بوو، هەروەها سیاسەتمەدار بوو کە وەک سەرۆک وەزیرانی ڕووسیا دەستبەکار بوو لە ١٩٩٨ بۆ ١٩٩٩. بەدرێژایی پیشەکەی، هەروەها وەزیری دەرەوە، قسەکەری باڵای یەکێتیی سۆڤیەت، و سەرۆکی دەزگای هەواڵگریش بوو. یەکێک لە کتێبە گرنگەکانی پریماکۆڤ کتێبی «ڕووسیا و عەرەبەکان: پشت پەردەی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە جەنگی ساردەوە تا ئێستا» کە تێیدا ڕۆڵی تەواوی خۆی، سەرەتا وەک ڕۆژنامەنووسی پراڤدا کە سەرۆکایەتیی ڕووسیا بەتایبەتی گوێ لە ڕاپۆرتەکانی دەگرن، لەگەڵ سیاسەتمدارانی کورد لە حەفتاکان و کاتی گەڕانەوەی مەلا مستەفا دەکات. لە کتێبەکەیدا وردەکاریی سەردانەکانی، تێیدا دەردەکەوێت کە بەیانی ١١ی ئازار ئەم دەستی تەواوی تێیدا هەبووە و ڕاکانی لای مەلا مستەفا جێگای پێزانین بووە. (https://www.britannica.com/biography/Yevgeny-Primakov)

[5] پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی-لقی مۆسکۆ توێژینەوەکانی زیاتر مێژووی و سیاسی بوونە، پێچەوانەی پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی –لقی سانتپترۆس بۆرگ کە لەسەدەی نۆزدە دروستبوو کە زیاتر گرینگیان بە زمان وئەدەب داوە، بەشێکی زۆریش قوتابیە کوردەکان لە لقی سانتپترسبۆرگ خوێندوویانە ئەوانەی پسپۆڕیان ئەدەب و زمان بووە. لەساڵی 1934 پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی لقێکی دەگوازرێتەوە بۆ مۆسکۆ، کوردناسی لە بەشی پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی مۆسکۆ سەرهەڵدا وەکو بابەتێکی زانستیانەی سەربەخۆ،

ژگالینا لەسەرەتای هەشتاکان لەبەشی کوردناسی پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی وەکو ئەکادیمییەك دادەمەزرێت، بۆ ماوەی سی ودووساڵ لەوبەشە کاردەکات، چەندین توێژینەوە و کتێب لەسەر مێژووی کورد دەنووسی کە سەرچاوەیەکی گرینگن بۆ زانین و شارەزابوون دەربارەی مێژووی نوێ وهاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەشێوەیەکی زانستییانە بابەتەکانی شیکردۆتەوە، ئەو سەرچاوانەی بەکاریهێناوە لەنامەدانسقەکانی ئەرشیفخانەی یەکێتی سۆڤیەت بوونە، چونکە دبلوماتکارە ڕووسەکان گرنگی زۆریان بەکێشەی کورد داوە ئەرشیفێکی گەورەیان لەسەر مێژووی کورد کۆکردۆتەوە تاوەکو ئێستا کاری کەمی لەسەر کراوە.

ژگالینا لەسەرەتای ساڵی(1979)نیوەی یەکەمی ژیانی دەسدەکات بەخۆ پێگەیاندن تێیایدا توانی لە زانستی مێژوو و زمانە رۆژهەڵاتییەکان خۆی پێ بگەینێت، پاشان بەهاوکاری کوردناسەکانی پەیمانگا دەستدەکات بەلێکۆڵینەوە لەبارەی کێشەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی زمانی فارسی زانیوە سەردانی شارە کوردییەکانی ئێرانی کردووە بۆیە زیاتر گرینگی بە کێشەی کوردەکانی رۆژهەڵات دەدات، بەتایبەتی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کۆماری کوردستانەوە تاوەکو ئەحمەدی نەژاد توێژینەوەو کتێبیان لەبارەیەوە دەنووسێت(نامەی پ.رۆژهەڵاتناسی2021/1/11).

چالاکییە زانستییەکانی ژگالینا: ژگالینا دەبێتە شارەزا دیارەکانی(کێشەی کورد) لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبارەی هەموو کێشەکانی کورد لەئێران دەدوێت لەرێگەی توێژینەوە و کۆنفراس وکۆڕو سمینارەوە، زۆربەی نووسینەکانی لە گۆڤاری پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی کە سەر بەئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤیەت بڵاودەکاتەوە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت چالاکییە زانستییەکانی ژگالینا بۆ چەند بوارێك دابەش بکرێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە وەرگرتنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی لە پەیمانگا و سەرپەرشتی کردنی قوتابیانی خوێندنی باڵا و ئەندامی دەستەی ئەکادیمیای ڕووسی و سەرپەرشتیاری گۆڤاری پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی، سەرپەرشتیاری کۆنفراسی ساڵانە و گۆڤاری (چێتنەی لازاریف)، هەروەها لەگەڵ بەشداریکردن لەچەندین کۆنفرانسی ساڵانەی وڵاتان. ژگالینا لە هەموو سێکتەرەکان کاریکردووە وەك ئەکادیمییەکی بەرز بینراوە.

1. کتێبە مێژووییەکانی ژگالینا:

ژگالینا لەبواری نووسیندا ئەکتیڤ و بەتوانابوو، نزیکەی (پێنج سەد) کاری زانستی بڵاوکردۆتەوە، یەکەمین بابەتی لەسەر کورد لەساڵی 1980 بەناونیشانی (پرسی ململانێی کوردەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەتۆنۆمی نەتەوەیی لەسەردەمی شۆرشی ئێران (1979-1980)، لەگۆڤاری ساڵانەی پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی أن س س ر[6]، ژمارە-5-(212)- مۆسکۆ، بەهاوکاری کوردناسانی پەیمانگا بڵاو دەکاتەوە، دوای ئەوە تا کۆتایی ژیانی بێ راوەستان و دابڕان بەشێوازی جۆراوجۆر بابەتی لەسەر سەدەکانی نوێ و هاوچەرخی مێژووی کورد دەنووسێت(Жигалина,1980, № 5 (212),С22). دەبێتە کوردناسێکی دیار لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی.

گەورەترین کاری پرۆژە زانستییەکەی کتێبێك بوو لەساڵی(1988) لەسەر کورد، لەلایەن دەزگای ئەکادیمیای زانستی مۆسکۆ چاپ دەکرێت، بەناونیشانی (بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران(1918-1947) Национальное движение курдов в Иране (1918 – 1947 гг-)) بەیەکەمین لێکۆڵینەوەی گشتی دادەنرێت لە رووسیا لەبارەی گەشەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەئێران لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو، لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیرە بۆ لایەنی جوگرافی و مێژووی ناوچەکە، ئەم بەرهەمە وەسفی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، هیچکام لە رۆژهەڵاتناس و کوردناسە رووسەکانی دیکە بەوشێوازە نەیانووسیوە، نووسەر پشتی بەستووە بە ئەرشیفە دانسقەکانی سندوقی نیشتیمانی هیندی و ئەرشیفی سیاسی وەزارەتی دەرەوەی ئیمپراتۆریەتی رووسیا و ئەرشیفی تایبەتی کوردناسی بەناوبانگی رووس (ۆ. ل. ڤیلچیڤسکی O.Л.Вильчевского[7])، و لەگەڵ ئەرشیفی پەیمانگای

چەندین رۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ لەو پەیمانگایە کاریانکردوە، لەوانە(م. س.لازاریف، ر.ل. چاربۆلۆڤە، م.أ. گاسرەتیان، ئی.م. پریماکۆڤ...هتد).

[6] س س س ر(СССР) (کورتکراوەی):Сою́з Сове́тских Социалисти́ческих Респу́блик کۆماری یەکێتی سۆڤیەتی سوشیالستی.

[7] ۆ.ل. ڤیلچیڤسکی: یەکێکە لە کوردناسە بەناوبانگەکانی رووسیا، لە27ئەپریل1902لە شاری سانپترسبۆرگ لەخێزانێکی دەوڵەمەند لەدایك بووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی لە ناوچەی سراتۆڤە لەبواری فێرکاری کاردەکات، پاشان دەبێتە قوتابی لەبەشی زمانە ئێرانییەکان، لەساڵی1938 دەبێتە مامۆستای زمانی کوردی، پاشان دەبیتە قوتابی خوێندنی باڵا لە ئەکادیمیای زانستی یەکێتی

ڕۆژهەڵاتناسی رووسیا، هەروەها چەندین سەرچاوەی دیکە بەزمانی جیاواز لەبارەی مێژووی کوردەوە سوودی لێوەرگرتووە (Жигалина 1988, С7).

لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبە باس لە چەند پرسێکی دیمۆگرافیا و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستانی ئێران دەکات، لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە نەخشەی جوگرافیای ئێران و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریاندا هاتووە، لەبەشی دووەم باس لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردەکان لەماوەی نێوان جەنگی جیهانی یەکەم دووەم(1918-1939)دەکات، لەم بەشە سوودی زۆری لە ئەرشیفی بڵاونەکراوەی یەکێتی سۆڤیەت وەرگرتووە، باسی چالاکی هەموو ئەو بزووتنەوانە دەکات کە کوردەکان لەماوەی نێوان دوو جەنگەکە ئەنجامیانداوە بەتایبەتی گرینگی بەبزووتنەوەکەی سمکۆی شکاك دەدا، لەگەڵ چەند جولانەوەیەکی دیکە کە لەم توێژینەوەیەدا ناتوانین هەمووی بخینە روو(Жигалина, 1988, С44)، هەر لەم باشە باس لە بارودۆخی ئابووری ئەو گرانیە گەورەیەی ناوچەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتی گرتۆتەوە، لەبەشی سێیەم باسی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد دەکات لە ساڵی(چلەکان) لەگەڵ هاتنی رەزاشا بۆ دەسەڵات و باردۆخی کوردەکان لەسەردەمی شا ڕووندەکاتەوە، هەروەها هەر لەم بەشە باس لە دروسبوونی کۆماری مهاباد و رۆڵی یەکێتی سۆڤیەت لە ئێران بەدرێژی خستۆتە روو( Жигалина, 1988, С99).

لەساڵی(1996) بەرهەمێکی دیکەی لە دەزگای ئەکادیمیای زانستی مۆسکۆ چاپ دەکرێت بەناونیشانی(گەشەسەندنی ئێتنی لە کۆمەڵگای ئێران- Этносоциальная эволюция иранского общества)، لە(264) لاپەڕە و سێ بەش پێکهاتووە. نووسەر شیکردنەوەیەکی قولی بۆ ئاراستەکانی گەشەسەندی ئێتنی کۆمەڵگای ئێران کردووە، ئەو کێشەو گۆڕانکاریە ئێتنیەی لەسەدەکانی(19-20) لە ئێران ڕوویداوە ئەویش بەکەلك وەرگرتنی لە سەرچاوەی مێژوویی فروانی ئەرشیفی بەڵگەنامە مێژووییەکانی رووسیا و وڵاتانی دیکە، لەگەڵ چەندین سەرچاوەی دیکە بەزمانی جیاواز. نووسەر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی باشترین چارەسەر دروستکردنی دەوڵەتێکی فیدرالییە، بەڵام ئەوەی گرفت دروستدەکات ئەویش هەڵوێستی پیاوانی شیعەیە، (شیعە بۆتە ئێتنێکی سەربەخۆ) رازی نابن لە دروستبوونی پەیوەندی دۆستایەتی نێوان ئێتنیەکان، ئەوان بوارەکانی ئابووری و سیاسیان قۆرخکردیە، ئەو جیاوازیەش لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی فروانتر بووە(Жигалина, 1996, С140).

لەبەشی یەکەمی بەناوی ئاراستە و گۆڕانکارییە مێژووییەکانی ئێتنی و کۆمەڵایەتی ئێران لەسەدەی نۆزدە، نووسەر لەم بەشەدا باس لە نیشتەجێبوونی مێژووی جوگرافیای نەتەوەکانی ئێران، چۆن پێش پەیدابوونی جیاوازی مەزهەبی ژیاون، بەڵام گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن پیاوانی ئایینەوە جیاوازیەکی زۆر کەوتۆتە نێوان ئەو ئێتنیانە، پیاوانی شیعە رۆڵی سەرەکی دەگێرن لە دروستکردنی ناکۆکییەکان. ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە بەشی سێیەمی کتێبەکە لاپەڕەی(215) بەناونیشانی(ململانێی ئێتنی لە ناوچەی کوردنشینەکانی ئێران) باس لە دوای هەڵوەشانەوەی حکومەتەکەی شا نوێنەرانی حکومەت چۆن ناوچەکوردییەکانیان بەجێهێشتوە ئەمەش بۆتە هۆی باڵادەستبوونی پیاوانی شیعە و دروستبوونی جیاوازی ئێتنی، هەرلەم بەشە رواڵەتەکانی ژیان وگوزەرانی جووتیارانی کورد و کەمی زەوی بەدەست جووتیارە هەژارەکان و هۆکاری سیاسی کۆچکردنی دانیشتوانی گوندەکان بۆ شار بەدرێژی خستۆتە ڕوو. هەروەها باس لە لاوازی پێشکەوتنی کەمی تەکنەلۆجیای کشتوکاڵی لەناوچە کوردییەکان، ئەوەی گرنگە نووسەر پشتی بە(داتا و سەرژمێری)فەرمی بەستووە، ڕوونکردنەوەیەکی زانستیانەی بۆ ڕێژەی گەشەسەندنی ئابووری ناوچەکوردییەکان کردووە(Жигалина,1996, С262).

لەساڵی(2002) بەرهەمێکی دیکە لەلایەن دەزگای ئاکادیمیای زانستی مۆسکۆ بڵاودەکرێتەوە بەناونیشانی(خانەکانی کورد لە خوراسان لەکۆتایی سەردەمی قاجارییەکان: کۆتایی سەدەی 19- سەرەتای سەدەی 20- Курдские ханства Хорасана при последних Каджарах: конец XIX – начало XX века.)) (247) لاپەڕەیە دابەشی چواربەشی کردووە، لێکۆڵینەوەیەکی تەواو و گشتگیرە لەسەر خانەکانی کورد لە خوڕاسان بە بەکارهێنانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت زانیاری زۆری کۆکردۆتەوە. لەو لێکۆڵینەوەیە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێرانی و رۆڵی سیاسی و ستراتیجی خانە کوردییەکانی خستۆتە روو لە رکابەرایەتی و ململانێککردن لەگەڵ ئینگلیزو ڕووسەکان، هەروەها باسی ڕۆڵ و بەشداری کوردەکان لە بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی خوڕاسان و شۆڕشی مشروتەی ئێران ساڵی(1906)دەکات کە چۆن ئەو شۆڕشە کاریگەری کردۆتە سەر ناوچە کوردییەکانی باکووری خوڕاسان، باسی بەرهەڵستکارانی نێوان سەرۆك هۆزو ناوەندی لە قۆچان و دەرگەز دەکات، بارودۆخی

---

سۆڤیەت، لەساڵی(1962) بروانامەی دکتۆرا بەدەستدەهێنی بەناونیشانی(کوردەکان-سەرەتایەك لەمێژووی ئێتنی میللەتی کورد)، لە21مایو ساڵی 1964کۆچی دوای دەکات(**А. О. Победоносцева-Кая,** 2020. Том 16. № 4).

کۆمەڵایەتی و سیاسی خانە کوردییەکانی خوراسان  لە دەرگەزە و قۆچان لەباسە سەرەکیەکەییەتی. بەهۆی ئەو چالاکیانەوە لەسەدەی بیست بەشێکی زۆر لە خانە کوردییەکان تێکدران(Жигалина, 2002,С237).

لەساڵی 2008 بەپشت بەستن بە بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆری ڕووسیا کتێبێکی بەنرخی دانسقەی لەسەر بارودۆخی کورد لە پارێزگای کرمانشان نووسیوە بەناونیشانی((کوردی ئێران لە پارێزگای کرمانشا لەسەرەتا و ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم- Курды иранской провинции Керманшах накануне и в пеиод Первой мировой войны, ، لە لەلایەن ئەکادیمیای زانستی مۆسکۆ چاپکراوە، لە(288)لاپەڕە و  لەچوار بەش پێکهاتووە(Жигалина, 2008, С270). نووسەر ئاماژە بەوەدەکات کرمانشا تاکە پارێزگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کەوتبووە نێوان ململانێی دەوڵەتە زلهێزەکان رووسیا و بەریتانیا لەلایەك ئەلمانیاو تورکیا لەلایەکی دیکەوە، کوردەکان بونەتە قوربانی ئەو ململانێیە، لەبەشی یەکەم باسی بەرژەوەندییە سیاسی و ستراتیجییەکانی کورد کردووە لەگەڵ هێزی دەرەکی و کاریگەرییەکانی لە سەرەتای شۆڕشی دەستوری لەساڵانی(1906-1907)، لەبەشی دووەم باس لە هەوڵی کوردەکان دەکات بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆی پارێزگای کرمانشا لەژێر سەرکردایەتی داودخان کلهوری(1908-1912)، بەشی سێیەم تایبەتە بەسیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکان بەرامبەر بەکوردەکانی باشووری ئێران پێش سەرەتایی جەنگی جیهانی یەکەم(1913-1916)، لەبەشی چوارەمدا باس لە کێشەی نیشتەجێبوون و سەربەخۆی کوردەکان دەکات لە ماوەی کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم(1917-1918) ( Жигалина, 2008, С267).

لەساڵی 2011 دەزگای ئەکادیمیای لامبێردی ئەلمانی کتێبێکی دیکەی ژگالینای بڵاودەکاتەوە بەناونیشانی((کێشەی کورد لەسیاسەتی نوێی ئێراندا-Курдский вопрос в политике современного Ирана. ))، کەتێیدا کێشەو چارسەرییەکانی ململانێی نێوان کوردو ئێرانی خستۆتە روو، نووسەر هەموو ئەزموون زانیاری چەند ساڵەی خۆی خستۆتە چوارچێوەی ئەم کتێبە، باسی سیاسەتی ئێران دەکات هەر لەسەردەمی کۆتایی شا (1979- تا 2010)، هەروەها دەرهاویشتەکانی سیاسەتی ئێران لەدوای مردنی ئیمام خومەینی، بەتایبەتی خستنە ڕووی سیاسەتی حکومەتەکانی ئێران بەرامبەر بە کورد لەسەردەمی (هاشم رەفسنجانی و عەلی خامەنایی تا ئەحمەدی نەژاد) باسە سەرەکیەکەییەتی، هەروەها باس لە پێشکەوتنی ڕێکخراوە کوردییەکان و هەوڵەکانی پارتی دیموکرات بۆ یەکخستنی پارتە کوردییەکان، ئاماژە بەوەدەکان بزووتنەوەی چەکداری چاسەر کێشەی کورد ناکات، باشترین چارەسەر ئەویش دانووستانە لەگەڵ سەرانی ئایینی ئێران بەتایبەتی ژگالینا پێی وایە پیاوانی ئایینی شیعە هۆکاری سەرەکین بۆ چارەسەرنەبوونی کێشەکانی کورد لەئێران، ئەم دابەشبوونە ئایینیە وایکردوە گرانبێت بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی کە تەواوی کوردەکان کۆبکاتەوە لەسەر بنەمای عەلمانیەتی هاوچەرخ. لەڕووی سیاسیەوە پێدەچێت بزووتنەوەی کوردی بەتەواوەتی نەگەڕاپێتەوە باری ئاسایی خۆی لە ئەزموونی کۆماری کوردستانەوە. لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، دیارترین ڕێکخراوی سیاسی، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە، کە تاڕادەیەکی زۆر لەناوچووە، ئەو ئەندامانەی کە ماون پێویست بووە بەنهێنی کاربکەن. لەو کاتە بەدواوە، ڕووبەڕووی هەڵبەزوو دابەزی زۆر بۆتەوە لە ژیانی سیاسی خۆیدا. نەیان توانیەوە کوردەکان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕووبەڕووی دابەشبوون و پەرتبوونی درێژخایەن بووەتەوە، لەبەرئەوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ لایەنگرەکانیان پەیوەندییەکی توندوتۆڵ نییە و زۆر جاریش مەترسیدارە. لەکۆتایی نووسەر لەگەڵ باسکردنی  کێشەکانی کوردی ئێران ڕێگا چارەسەرەکانیشی دیارکردوە کە ئەویش دانووستانی ئاشتیانەیە لەنێوان نوێنەرانی هەردولا، ئەو کتێبە بە کتێبێکی گشتگیرو تەواو دادەنرێت لەسەر کێشەی کورد لە ئێران لەدوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران(Жигалина, 2011, С1-370).

ژگالینا بێجگە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەکۆتاییەکانی تەمەنی چەند توێژینەوە و کتێبێکی نووسیووە لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی باشوور، یەکێك لەو کتێبانە بەناونیشانی(( مەلا مستەفای بارزانی- وێنەی مێژوویی Мулла мустафа барзани- исторический портрет - )). لەساڵی 2013 لە مۆسکۆ چاپکراوە، لە( 240)لاپەڕە و دابەشی حەوت بەشی کردووە، ژگالینا باس لە ڕۆڵی سیاسی و سەربازی مەلا مستەفا دەکات هەر لەسەرەتایی یاخبوونی ناوچەکانی بارزان و تێکچوونی پەیوەندیان لەگەڵ عێراق لەسەرەتای چلەکانەوە تا حەفتایەکانی سەدەی بیست، باسی هەوڵەکانی مستەفا بارزانی دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. بەشی یەکەمی کتێبەکە تایبەت کردووە بەچالاکیە سیاسیەکانی بارزانی و بەشداری کورد لە بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری ساڵانی (20-30)سەدەی بیستی عێراق، لەبەشی دووەم باسی لەچالاکییە سیاسییەکانی بارزانی لەچلەکان (1943-1944)، لەبەشی سێیەم باس لەچالاکیە سیاسی و سەربازییەکانی بارزانی و بەرهەڵستی بارزانییەکان دژ بە حکومەتی عێراق، لەبەشی چوارەمیش باس لە چالاکیە کۆمەڵایەتییەکانی مەلا مستەفا دەکات لەیەکێتی سۆڤیەت، کە تاوەکو ئێستا زانیاری زۆر کەم لەسەری نووسراوە لەلایەن مێژوونووسانی کورد لەسەر ژیانی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت، لەبەشی پێنجەم باسی

گەڕانەوەی بارزانی لە مەنفا بۆ عێراق بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان و یەکخستنی هۆزە کوردییەکان و خۆ ڕێکخستنەوەو شەڕەکان و مفاوەزاتەکان، لەبەشی شەشەم باسی چالاکییە سیاسی و سەربازیەکانی بارزانی دەکات لەشەستەکان لەگەڵ هەوڵەکانی بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەئاشتی، بەشی کۆتایش باسی چوونی بارزانی بۆ ئێران و پاشانیش نیشتەجێبوونی لە ئەمریکا کۆتا ڕۆژەکانی ژیانی مستەفا بارزانی لە ئەمریکا(Жигалина, 2013, C238).

لەساڵی2013 لەگەڵ چەند نووسەرێك بەرهەمێکی دیکەی لەلایەن دەزگای ئەکادیمیای زانستی مۆسکۆ بڵاودەکرێتەوە بەناونیشانی((پرۆسەی سیاسی لەناوچە کوردنشینەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا(عێراق، تورکیا، سوریا، ئێران- Политические процессы в курдских ареалах стран Западной Азии (Ираке, Турции, Сирии, Иране)، (142) لاپەڕەیە، ئەم کتێبە باسی بارودۆخی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی سەردەمی ئێستا کوردەکانی وڵاتانی تورکیاو عێراق و ئێران و سوریا دەکات، ئەم کتێبەش دابەشی چواربەش کراوە، بەشی یەکەم بەناوی گەشەسەندنی نەتەوەی کورد لە عێراق لە قۆناغی نوێدا، باس لەوە دەکات دۆزی کورد لەعێراق تەنها پەیوەندی بەحکومەتی عێراقەوە نەبووە بەڵکو ڕەهەندێکی هەرێمی و نێو دەوڵەتی هەبووە، بەهۆی ئەو دابەشبوونەی لە کوردستان ئەنجامدراوە لکاندویانە بە دەوڵەتانی دراوسێ وایکردوە دۆزی کورد پەیوەندی بەئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتە دراوسێیەکانەوە هەبێت، کوردەکان دوای بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی هەندێك مافیان بەدەستهێناوە، بەڵام بەهۆی شۆڕش و جولانەوەکانەوە وایکردوە کوردەکان دوورکەوتنەوە لە مافەکانیان، دوای ڕووخانی حکومەتەکەی سەدام حسێن، کوردەکان لەسەردەمی نوێدا هەڵومەرجی لەباریان بۆ هاتۆتە پێش بەهۆی بوونی سامانی سروشتی غاز و نەوت و ئاو پاڵپشتی سەرەکین بۆ سەربەخۆی کوردەکان و فاکتەرەکانی بەهێزبوونی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکان لە عێراقدا(Жигалина, 2013, C9-10)، لەبەشی دووەم بەناوی پرسی کورد لە تورکیا و ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی، لەم بەشەدا باس لەوەدەکات تورکیا یەکێکە لە دەوڵەتە بەهێزەکانی ناوچەکە، کوردەکان کەمترین ماف و ئیمتیازاتیان لە تورکیا هەیە، کوردەکان لەرێگەی خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە هەوڵی بەدەسهێنانی مافەکانیان دەدەن، ئەم پارتەش بیرێکی مارکسی هەیە، بەڵام بەهۆی باڵادەستی سەرمایەداری لەناوچە کوردییەکانی تورکیا بیری مارکسی لاوازە، ئەم پارتە بەهۆی دانەنان بەمافەکانی کورد ناچاربوونە خەباتی چەکداری بگرنەبەر کاری تێکدەرانە بکەن، بوونەتە کێشە بۆ تورکیا( Жигалина, 2013,C51)، لەبەشی سێیەم بەناوی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد لە سوریا، لەم بەشەدا باسی ئەو شارو ناوچانە دەکات کوردەکان زۆرینەنە، باسی هەوڵەکانی حکومەتی سوریا بۆ سەر لەنوێ دارشتنەوەی سیمای دیمۆگرافی و ئەتنۆگرافی بەئاڕاستەی بەرژەوەندی نەتەوە عەرەب، هەروەها باس لە حکومەتی سوریا دەکات هیچ پرۆژەیەکی ئابووری لە ناوچە کوردییەکان نەکردووە بە بەراورد بەناوچەکانی دیکە لە سوریا کەمترین کارگەو نەخۆشخانە و قوتابخانە تێدایە، هەروەها باسی هەوڵی ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسیانە دەکات لە دەرەوەی حکومەتی سوریان(Жигалина, 2013, C92)، بەشی چوارەم بەناوی بارودۆخی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد لە ئێران، لەم بەشەدا سەرەتا باس لەشوێنی نیشتەجێبوونی کوردەکان و پارێزگا کوردەکان هەوڵەکانی کۆماری ئێران بۆ گۆڕینی سیمای گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستانی ئێران و بە کەمینەکردنی کورد و کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد بۆ نزمترین ئاست، هەرلەم بەشە باسی پارت و بزووتنەوە بەرهەڵستکارە نوێیەکانی ئێران دەکات(Жигалина, 2013, C110).

**تایبەتمەندی نووسینەکانی ژگالین لەبواری کوردناسیدا:**

ژگالین نووسینی کتێبەکانی گشتگیر و پوختن لەسەر مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد، کە پێویستییەکی هەنووکەی ئێستامانن، چونکە کێشەی کورد بابەتی گەرم و زیندووی ئەو سەردەمەمانن، ژگالینا لەم بارەیەوە دەڵێت کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەیەکی نێو دەوڵەتیە بۆ ماوەیەکی درێژ بێ چارەسەر دەمینێتەوە، دەبێتە جێگای سەرەنجی بەشێك لە سیاسەتمەدارو مێژوونووسان(Жигалина, 1988, C99)، هۆکاری ڕاستەوخۆی نووسینی بابەتەکان لەسەر کورد خودی نووسەرەکە بوو نەك دەزگایەکی سیاسی یان ڕێکخراوێك چونکە ژگالینا ساڵانێکی زۆر بەرهەمی جۆراوجۆری لەسەر مێژووی کورد بڵاوکردۆتەوە.

نووسەر گرینگی داوە بە تۆمارکردنی ئەو سەرچاوانەی کەلکی لێوەرگرتوە زۆربەی کتێبەکانی ئاماژەی بە پەراوێزو سەرچاوەکان کردووە، جگە لەدابەشکردنی بەشەکانی کتێبەکانی لەهەموو بابەتەکانیش تێڕوانینی خۆی خستۆتە ڕوو ئەو تێگەیشتن و بۆچوونانەی تۆمار کردەوە بەدوا رای ئەو دەژمێردرێت، هەروەها جگە لە زمانی ڕووسی ئەو سەرچاوانەی بەکاریهێناوە بەزمانی جیاواز بوون لەوانە ئینگلیزی و ئەلمانی..هتد. هەروەها لەکۆتایی هەموو کتێب و توێژینەوەکان ئەنجامی خستۆتە ڕوو کە پێشنیاری بەشێك لەچارەسەری کێشەکانی تێدایە.

ژگالینا لەهەندێك لە كتێبەكان پشتی بەبەڵگەنامەی بڵاونەكراوەی ئەرشیفخانەی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رووسیا و سەردەمی یەكێتی سۆڤیەت بەستووە، ئەو بەڵگەنامانە كەسانی ئاسایی بەئاسانی بەدەستیان ناگات. هەروەها بەو زانیارانەی رۆژهەڵاتناسان و دبلۆماتكارانی یەكێتی سۆڤیەتی لەسەر كورد كۆیانكردبۆوە دەیكاتە سەرچاوە بۆ لێكۆڵینەوەكانی بەمەش بایەخی كتێبەكانی زیاتر كردووە.

نووسەر لەژێر كاریگەری مێتۆدو ڕەوتی زانستی رۆژهەلاتناسانی پێشخۆی بووە لەوانە(لازاریف و خالفین) بەڵام دواتر دەبێتە قوتابخانەیەكی سەربەخۆ، كۆمەڵێك مێژوونووس و توێژەرانی رووسی سەردەمی ئێستا لەبواری توێژینەوەی مێژووی كوردناسی ژگالینا بە مامۆستا و رێنیشاندەری خۆیان دەزانن.

ئەو مێژوونوسە پسپۆری وردی كوردناسییە، دەبینین زۆر جەخت لە ڕۆڵی بنیاتەرانە دەكاتەوە رەخنەیەكی جدی لە هەڵە گەورەكانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد ناگرێت كە لەمێژوودا ئەنجامیانداوە، لەهەندێك نووسینەكانی كورد وەكو نەتەوەیەكی غەدرلێكراوە وەسفدەكات.

**ئەو توێژینەوە و بەرهەمانەی بڵاوی كردۆتەوە:**

یەكەم: توێژنەوەكانی ژگالینا لە گۆڤاری پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی ئەكادیمیای زانستی مۆسكۆ

1. ژگالینا ۆ. ئی. پرسی ململانێی كوردەكان بۆ بەدەستهێنانی ئەتۆنۆمی نەتەوەیی لەسەردەمی شۆرشی ئێران (1979-1980)، بڵاوكراوەی تایبەت پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی أ.ن[8] س س س ر، ژمارە-5-(212)، مۆسكۆ، 1980.

Жигалина О.И. К вопросу о борьбе курдов за национальную автономию в период иранской революции 1980-1979 гг. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 5 (212), Москва, 1980.

2. ژگالینا ۆ.ئی. ((لەگەڵ م.گاسراتیان، ج.جەلیلی، م.لازاریف و ش.مگۆ)) بارودۆخی كورد لەسەردەمی نوێدا(دابەشبوونی بەسەر ئێران و كوردستانی ئێران) لاپەرەكانی(18-33). بڵاوكراوەی تایبەت ژمارە2(215)، مۆسكۆ، 1981. ل5-7.

Жигалина О.И. (совместно с М.Гасратяном, Дж.Джалиле, М.Лазаревым и Ш.Мгои). Современное состояние курдского вопроса. [раздел по Ирану и Иранскому Курдистану. С. 18–33] Специальный бюллетень, № 2 (215), Москва, 1981. С. 5–57.

3. ژگالینا ۆ. ئی. چەند ناوەندێكی بیانی كوردناسی، بڵاوكراوەی تایبەت، ژمارە2(215)، مۆسكۆ. 1981. ل 97-131.

Жигалина О.И. Некоторые зарубежные центры курдоведения. - Специальный бюллетень, № 2 (215), Москва, 1981. С. 97–131.

4. ژگالینا ۆ. ئی. پەیوەندی دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی ئێران بە كێشەی كوردەوە- ئیسلامی سەردەم: كێشەی سیاسی و ئایدۆلۆجی- بەرنامەیەكی زانستی گشتییە بۆ لێكۆڵینەوەی كێشە باوەكانی سەردەمی ئیسلامناسی لەساڵانی 1980-1982/ أن س س س ر، پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی، بەرێوەبەری نووسین ئی.م. پریماكۆڤ و ئەوانی دیكە، مۆسكۆ، 1982، ل 105- 121.

Жигалина О.И. Отношение руководства Исламской республики Иран к курдской проблеме. -Современный ислам: проблемы политики и идеологии./ "Комплексная программа научных исследований по актуальным проблемам современного исламоведения на 1980–1982 гг."/ АН СССР, Институт востоковедения. Отв. Ред. Е.М. Примаков и др, Москва, 1982. С. 105–121.

5. ژگالینا ۆ.ئی بارودۆخ لە كوردستانی ئێران- بڵاوكراوەی تایبەت پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی، ان س س ر، ژمارە1(223)- مۆسكۆ.، 1983.

Жигалина О.И. Положение в Иранском Курдистане. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 1 (223), Москва, 1983.

6. ژگالینا ۆ. ئی. ڕەوشی سیاسی لە كوردستانی ئێران، بڵاوكراوەی تایبەت پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی ان س س ر،

---

[8] أ ن=(АН) академия наук: كورتكراوەی (ئەكادیمیای زانستی)

ژمارە1(229).- مۆسکۆ، 1984.

Жигалина О.И. Политическая ситуация в Иранском Курдистане. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 1 (229), Москва, 1984.

7. ژگالینا ۆ. ئی. دەربارەی کێشەی کورد لە ئێران- بڵاوکراوەی تایبەت بە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ان س س ر، ژمارە1(219)، مۆسکۆ، 1985.

Жигалина О.И. О Курдской проблеме в Иране. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 1 (219), Москва, 1985.

8. ژگالینا ۆ. ئی. ئەنجامی گەشەسەندنی ململانێیەکان لە کوردستانی ئێران- بڵاوکراوەی تایبەت بە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ان س س ر، ژمارە2(235)، مۆسکۆ.، 1985.

Жигалина О.И. Эволюция конфликтной ситуации в Иранском Курдистане. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, №2 (235), Москва,1985.

9. ژگالینا ۆ. ئی. بارودۆخی کوردستانی ئێران، بڵاوکراوەی تایبەت بە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ان س س ر، ژمارە2(242)، مۆسکۆ، 1986.

Жигалина О.И. Положение в Иранском Курдистане. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 2(242), Москва,1986

10. ژگالینا ۆ. ئی. کوردو کوردستان- بڵاوکراوەی تایبەت بە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ان س س ر، ژمارە6.- مۆسکۆ، 1986.

Жигалина О.И. Курды и Курдистан. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 6, Москва,1986.

11. بزووتنەوەی کورد لەسەردەمی نوێ و هاوچەرخ- مۆسکۆ، 1987. لەلایەن پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی مۆسکۆ بڵاوکراوەتەوە، ئەو بەشەی ژگالینا نووسیویەتی: خۆپیشاندانی کورد لەئێران (1918-1923)، لاپەرەکانی113-118، بزووتنەوەکانی کوردستانی(ڕۆژهەڵات)ئێران. ڕاپەڕینی سمکۆ- لاپەڕەکانی136-142، کۆماری مهاباد(دیسێمبەر 1945- ئۆکتۆبەر 1946)لاپەڕەکانی 176-185، بزووتنەوەی کوردی لە ئێران دوای کەوتنی کۆماری مهاباد، لاپەڕەکانی220-227، شۆڕشی دژ بەشا و کێشەی کورد لە ئێران، لاپەرەکانی245-256.

Курдское движение 1987 – Курдское движение в новое и новейшее время, Москва, 1987. О.И. Жигалиной написаны следующие разделы: Курдские выступления в Иране (1918–1923) – С.113–118, Движение в Иранском (Восточном) Курдистане. Восстание Симко – С. 136–142, Мехабадская республика (декабрь 1945 – октябрь 1946 г.) – С. 176–185, Курдское движение в Иранском Курдистане после поражения Мехабской республики – С. 220–227, Антишахская революция и проблема курдов в Иране – С. 245–256.

12. ژگالینا ۆ.ئی. لەبارەی پرسی یەکگرتنی کوردەکان ململانێی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی- بڵاوکراوەی تایبەت بە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ان س س ر، ژمارە8(...)، مۆسکۆ، 1988.

Жигалина О.И. К вопросу о союзниках курдов в их борьбе за автономию. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, №8(….), Москва, 1988.

13. ژگالینا ۆ. ئی. چەند لایەنێکی بزووتنەوەی کورد لە کۆماری ئیسلامی ئێران- بڵاوکراوەی تایبەت بە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ان س س ر، ژمار8(254)- مۆسکۆ، 1986.

Жигалина О.И. Некоторые аспекты курдского движения в Исламско  Республике Иран. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, №8(254), Москва, 1988.

14. ژگالینا ۆ. ئی پارتە سیاسییەکوردییەکان و ڕێکخراوە گشتییەکان لە ئێران.- بڵاوکراوەی تایبەت بە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ان س س ر، ژمار6، مۆسکۆ، 1990.

Жигалина О.И. Курдские политические партии и общественные организации в Иране. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, №6, Москва, 1990.

15. ژگالینا ۆ. ئی. دانپێدانان بە شۆڕش ئی.ر.ئی بە مادەی 598 یوئێن. بەرهەڵستكارانی كوردی ئێرانی لە شەڕو ئاشتی- بڵاوكراوەی تایبەت بە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی ان س س س ر، ژمار6، مۆسكۆ، 1989.

Жигалина О.И. Признание ИРИ резолюции 598 ООН. Позиции иранских курдов о войне и мире. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 6, Москва,1989.

دووەم: توێژینەوە لە گۆڤارەكانی دیكە:

1. ژگالینا ۆ.ئی. سیاسەتی نەتەوەیی و ئایینی سەركردەكانی ئی.ر.ئی. لە كوردستانی ئێران- سبۆرنیك(ئیسلام و كێشەی نەتەوەیی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراست). مۆسكۆ، 1986.

Жигалина О.И. Национально-религиозная политика руководства ИРИ[9] в Иранском Курдистане. -Сборник "Ислам и проблемы национализма в странах Ближнего и Среднего Востока", Москва, 1986.

2. ژگالینا ۆ. ئی. تایبەتمەندی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی كورد لەئێران ساڵانی(60-70)- گۆڤار(كوردناسی)- یەریڤان، 1985.

Жигалина О.И. Особенности курдского национально-освободительного движения в Иране в 60-70-е годы. - Сборник "Курдоведение", Ереван, 1985.

3. ژگالینا . ۆ. ئی. چەند تایبەتمەندی ئێتنە ئایینی لە ئێران- گۆڤار ((ئیسلام و بونیادی كۆمەڵگا)) مۆسكۆ، 1990.

Жигалина О.И. Некоторые особенности этнорелигиозных процессов в Иране. - Сборник "Ислам и социальные структуры", Москва, 1990

4. ژگالینا ۆ. ئی. مێژوویی رۆژئاوا لەبارەی رەوشی نوێی كوردەكان لە ئێران- گۆڤار(سبۆرنیك)، مێژووی ئێران. مۆسكۆ، 1989.

Жигалина О.И. Западная историография о современном положении курдов в Иране. - Сборник "Историография Ирана". Москва,1989.

5. ژگالینا . ۆ. ئی. دەربارەی ڕەوشی كوردستانی ئێران- گۆڤار ((رۆژهەڵات و سەردەمی نوێ)) مۆسكۆ، 1990.

Жигалина О.И. О положении в Иранском Курдистане. - Сборник "Восток и современность", Москва, 1990.

6. ژگالینا . ۆ. شۆرشی دەستووری لە باشوری خوراسانی كوردی، كۆنگرەی چوارەمی ئێران لە ئەوروپا، بەرگی سێیەم، پاریس، 2003. لاپەڕەكانی241-245.

Zhigalina Olga. Constitutional Revolution in Kurdish Northern Khorasan.(1905-1911)"Труды 4-го конгресса иранистов Европы".T.3, Paris, 2003.pp241-245.

7. ژگالینا . ۆ. ئی ژیانی شاری كوردەكانی خوراسانی ئێران لە كۆتایی سەدەی 19- سەرەتای سەدەی 20، گۆڤاری لازاریف چتێنیە ژمارە(1)، مۆسكۆ، ساڵی2012، لاپەڕە150.

Жигалина О. И.Курдская Городская Жизнь Иранского Хорасанав КонцеXIX— НачалеXXвв. Лазаревские чтения выпуск1, Москва, 2012, С150.

8. ژگالینا ۆ.ئی. ئۆلیگ لودڤیگۆڤیچ ڤیلچێڤسكی و كوردناسی- ئێران، مۆسكۆ، 1983،لاپەرەكانی 42-64- ژگالینا نووسیویەتی.

Жигалина О.И. Олег Людвигович Вильчевский и курдоведение. - Иран, Москва, 1983.с42-64.

9. ژگالینا ۆ. ئی. رۆڵی ئیسلام لەگەشەسەندنی ئایدۆلۆجیای بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد لە ئێران- ئیسلام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراست، مۆسكۆ، 1982. لاپەرەكانی(111-130) ژگالینا نووسیویەتی.

Жигалина О.И. Роль ислама в развитии идеологии курдского национального движения

[9] (ИРИ)=ئی.ر.ئی كورتكراوەی(كۆماری ئیسلامی ئێران).

в Иране. - Ислам в странах Ближнего и Среднего Востока, москва, 1982.

10. ژگالینا ۆ. ئی. کێشەی کورد لە رۆژئاوای ئاسیا لەسەرەتایی سەدەی 21، پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی ران رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مۆسکۆ، 2006، لاپەرەل9-24.

Жигалина О.И. Курдский вопрос в западной азии в начале xxi века, институт востоковедения ран институт ближнего востока, Москва, 2006.С9-24.

11. ژگالینا ۆ. ئی. هەڵوێستی کۆنسرڤاتیزمی ئێرانی لەسەر کێشەی کورد، پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی ران رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مۆسکۆ، 2006، لاپەرەل185-193.

Позиция иранских неоконсерваторов по курдской проблеме, институт востоковедения ран институт ближнего востока, Москва, 2006.185-193.

12. ژگالینا ۆ. ئی. کێشەی کورد، کێشەی کوردستان لە وڵاتانی رۆژئاوای ئاسیا(ئێراق، ئێران، سوریا، تورکیا) پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی ران رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مۆسکۆ، 10 ئەپریل، ساڵی 2006، لاپەرەل194-205.

Жигалина О.И, Курдский Вопрос - Курдский Вопрос В Странах Западной Азии(Ираке, Иране, Сирии, Турции) Институт Востоковедения Ран Институт Ближнего Востока, Москва, 10 Апреля 2006 Г.С194-205.

سێیەم: کتێبەکانی دیکەی ژگالینا:

1. ژگالینا . ۆ. ئی. بەریتانیای مەزن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست(لە سەدەی 19- سەرەتای سەدەی 20) شیکردنەوە سیاسەتی دەرەوەی، مۆسکۆ، 1990، 166لاپەرەیە.

Жигалина, Великобритания на Среднем Востоке (XIX – начало XX в.). Анализ внешнеполитических концепций, Москва, 1990. 166 с.

**وەرگێران:**

2. بلارامبێرگ. ئی.ف. یادەوەری، وەرگێرانی لە ئەلمانیەوە ۆ. ئی. ژگالینا و ئێ. ف. شمیدت، چاپخانەی ناوکە، 1987.

Бларамберг, И.Ф. Воспоминания, пер. с нем. О.И. Жигалиной и Э.Ф. Шмидта, вступ. "Наука", 1978.

**ئەنجام**

**لەم توێژینەوەیە گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :**

1. ژگالینا رۆژهەڵاتناس و کوردناس و مێژوونووس لەرێگەی ئەو کاروبەرهەمانەی پێشکەشی کردووە، ئەو میتۆد و رێبازەی نووسین و چالاکییە جۆربەجۆرەکانی گرتۆتەبەر، نەبوونی ئامانجی نازانستی لەکارەکانیدا شایانی باسە بەکوردناسێکی دڵسۆز و خودان ئینساف بێتە ناساندن.

2. ژگالینا یەکێکە لەو کوردناسانەی رووس هاوشێوەی لازاریف و مینۆرسکی و باسل نیکتین..هتد گرینگی بە مێژوووی کورد داوە، بەهۆی سوود وەرگرتن لەئەرشیفی دەوڵەمەندی یەکێتی سۆڤیەت توانیویەتی چەندین لایەنی ونبووی مێژووی کورد دەربخات.

3.ژگالینا بەهۆی شارەزابوون لەزمانەکانی ئینگلیزی و ئەلمانی و فارسی توانیویەتی بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە کۆنفرانسە نێو دەوڵەتییەکان بکات، توێژینەوەو سیمینار لە فەرەنسا و نەمسا و ئۆکسفۆرد و چەندین وڵاتی دیکە پێشکەش بکات، ئەوەش رێگە خۆشکەر بووە بۆ مێژوونووسانی رۆژئاوا گرینگی بەکێشەی کورد بدەن.

4. ژگالینا لەتوێژینەوەکانی سوودی لەو سەرچاوانە وەرگرتووە کە تا ئێستا مێژوونووسانی کورد دەستیان پێنەگەیشتووە بەتایبەتی ئەو نامە و راپۆرتانەی لەوەزارەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت و ئەرشیفخانەکانی رووسیا هەڵگیراون گرینگی زۆریان هەیە بۆ نووسینەوەی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد.

5. ژگالینا بەشێکی زۆری کتێب و توێژینەوەکانی بۆ کێشەکانی ئێران تەرخانکردووە زیاتر گرینگی بە مێژووی کوردستانی رۆژهەڵاتداوە، لەگەڵ باسکردنی کێشەکان هەوڵیداوە رێگە چارەیەکیش بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە لەکۆتایی زۆربەی کتێبەکانی دەرئەنجامی توێژینەوەکەی خستۆتە روو.

6. لێکۆڵینەوەکانی ژگالینا تەنها بەزمانی رووسی نەبوو، بەڵکو هەندێك لە توێژینەوەکانی لەگۆڤارە زانستییەکانی ئەوروپا بەزمانەکانی ئەلمانی و ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە یان وەرگێردروان بۆ زمانی رۆژئاوایی ئەمەش پێناسەیەکی باش بوو بۆ ژگالینا.
7. کتێبەکانی ژگالینا و تەواوی کارەکانی شایانی ئەوەیە هەوادارانی مێژووی کورد بیخوێنێتەوە توێژینەوەیان لەسەر بکەن، ئەمەش کاتێك مەیسەر دەبێت، کە بەرهەمەکانی وەرگێردرێتە سەر زمانی کوردی.

**لیستی سەرچاوەکان**


1. Бларамберг, И.Ф. Воспоминания, пер. с нем. О.И. Жигалиной и Э.Ф. Шмидта, вступ. "Наука", 1978.
2. Базиленко, И. В. ،Васильева, Е. И. ،Вертяев, К. В., дрги.., Энциклопедию об истории и культуре курдского народа(Курды. Легенда Востока), издал, Газпром нефть, 2018.
3. Жигалина О.И, Мулла мустафа барзани- исторический портрет, Москва, 2013.
4. Жигалина О.И. , Роль ислама в развитии идеологии курдского национального движения в Иране. Ислам в странах Ближнего и Среднего Востока, Москва, 1982.
5. Жигалина О.И. , Политические процессыв курдских ареалах стран западной азии(Ирак е, Турц ии, Сирии, Иране), Москва, 2013.
6. Жигалина О.И. , Олег Людвигович Вильчевский и курдоведение, Иран, Москва, 1983.
7. ------- Национальное движение курдов в Иране (1918–1947 гг.). Москва, 1988.
8. ------Великобритания на Среднем Востоке (XIX – начало XX в.). Анализ внешнеполитических концепций, москва, 1990.
9. ------Этносоциальная эволюция иранского общества, Москва, 1996.
10. ------ Курдские ханства Хорасана при последних Каджарах: конец XIX – начало XX века, Москва, 2002.
11. -------Курды иранской провинции Керманшах накануне и в пеиод Первой мировой войны, Москва, 2008.
12. ------Курдский вопрос в политике современного Ирана. Проблема урегулирования курдского этнополитического конфликта в ИРИ. - LAP Lambert Academic Publishing, 2011.
13. -------Курдское движение , Курдское движение в новое и новейшее время, москва, 1987.
14. ------- Великобритания на Среднем Востоке (XIX – начало XX в.). Анализ внешнеполитических концепций, москва, 1990.

**گۆڤارەکان+(سبۆرنیك)**

15. Жигалина О.И. К вопросу о борьбе курдов за национальную автономию в период иранской революции 1980-1979 гг. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 5 (212), Москва, 1980.
16. Жигалина О.И. , Некоторые зарубежные центры курдоведения. - Специальный бюллетень, № 2 (215), Москва, 1981.
17. -----(совместно с М.Гасратяном, Дж.Джалиле, М.Лазаревым и Ш.Мгои). Современное состояние курдского вопроса. [раздел по Ирану и Иранскому Курдистану, № 2 (215), Москва, 1981.
18. ------Отношение руководства Исламской республики Иран к курдской проблеме. - Современный ислам: проблемы политики и идеологии, АН СССР, Институт востоковедения, Москва, 1982. С. 105–121.
19. -------Положение в Иранском Курдистане. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 1 (223), Москва, 1983.
20. ------Политическая ситуация в Иранском Курдистане. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 1 (229), Москва, 1984.

21. ------Эволюция конфликтной ситуации в Иранском Курдистане. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 2 (235), Москва,1985.
22. ------- Эволюция конфликтной ситуации в Иранском Курдистане. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 2 (235), Москва,1985.
23. ------ О курдской проблеме в Иране. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 1 (219), Москва, 1985.
24. -------Положение в Иранском Курдистане. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 242, Москва,1986.
25. -------Национально-религиозная политика руководства ИРИ в Иранском Курдистане. - Сборник "Ислам и проблемы национализма в странах Ближнего и Среднего Востока", Москва, 1986.
26. ------Курды и Курдистан. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 6, Москва,1986.
27. ------Некоторые аспекты курдского движения в Исламской Республике Иран. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 254, Москва, 1988.
28. ------Признание ИРИ резолюции 598 ООН. Позиции иранских курдов о войне и мире. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, № 6, Москва,1989.
29. ------Курдские политические партии и общественные организации в Иране. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, №6, Москва, 1990.
30. -------К вопросу о союзниках курдов в их борьбе за автономию. - Специальный бюллетень Института востоковедения АН СССР, №1, Москва, 1988.
31. Zhigalina O. Constitutional Revolution in Kurdish Northern Khorasan. "Труды 4-го конгресса иранистов Европы".Т.3, Paris, 2003.
32. ---------, О положении в Иранском Курдистане. - Сборник "Восток и современность", Москва, 1990.
33. ---------, Некоторые особенности этнорелигиозных процессов в Иране. - Сборник "Ислам и социальные структуры", Москва, 1990.
34. ---------, Особенности курдского национально-освободительного движения в Иране в 60-70-е годы. - Сборник "Курдоведение", Ереван, 1985.
35. ---------, Западная историография о современном положении курдов в Иране. - Сборник "Историография Ирана". Москва,1989.
36. Жигалина, памяти м.а. Гасратяна лазаревские чтениявыпуск, Москва, II,2012.
37. ---------, Курдская Городская Жизнь Иранского Хорасанав КонцеXIX—НачалеXXвв. Лазаревские чтения, выпуск1, Москва, 2012.
38. ---------, Курдский вопрос в западной азии в начале xxi века, институт востоковедения ран институт ближнего востока, Москва, 2006.
39. ---------, Курдский Вопрос - Курдский Вопрос В Странах Западной Азии(Ираке, Иране, Сирии, Турции) Институт Востоковедения Ран Институт Ближнего Востока, Москва, 10 Апреля 2006 Г.
40. Победоносцева-Кая, А. О. «Мукринские Курды» О. Л. Вильчевского: Что И Почему Было Удалено Перед Публикацией?, Ислам В Современном Мире. 2020. Том 16. № 4.
41. حصاف، د.اسماعيل محمد، عرض بيليوغرافي موجز للمسيرة العلمية لنخبة من الباحثين في الكوردلوجيا السوفياتية خلال سنوات ( 1959-1991) – مجلة الأكاديمية الكوردية هولير – العدد 16 – سنة 2010.

**سایتەکان**

1. (www.ivran.ru مۆسکۆ – سایتی فەرمی پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی)
2. https:-www.goodreads.com/book/show/39081312
3. https:-book.ivran.ru/f/nacionalnoe-dvizhenie-kurdov.pdf

4. https:-www.twirpx.com/file/1752921/
5. https:-www.pukmedia.com
6. https:-kurdistan.ru/search.html
7. https:-unis.shpl.ru/Pages/Search/BookCard.aspx?Id=3364852
8. http://naukarus.com/olga-ivanovna-zhigalina-1946-2013

**سەرچاوەکانی دیکە:**

1. نامەی سەرۆکایەتی هەرێم بەبۆنەی کۆچی دوایی ژگالینا
2. نامەی ئەلیکترۆنی(ئیمێلی)پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی- مۆسکۆ2021/1/11

**Russian Kurdologist Olga Ivanovna Zhigalina 1946-2013**

**Hawraz Jawhar Majid** **Nahro Ismael Muhammad**
Department of history - college of art / Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

Zhigalina is regarded as one of the most famous Russian Kurdologist all over Russia who has conducted a large number of scientific researches about Kurdish history. She has worked with many well-known orientalists like Lazarif, PrImakof and Khalfin. They assisted her to become Kurdologist as well as focusing on the problems and the history of Kurdish nation. She has published most of her writings and papers in Russian language and published them in Moscow Institute of Oriental Studies journal. Moreover, she has published some of her writings in Russian and German languages in the European Journals. She has had an effective and important role in introducing the history of Kurdish and nation and their problems to the European countries. In 2004, she became the director of the Kurdish Cabinet at Institute of Oriental Studies of the Russian Academy of Science until she passed away at her workplace on 23rd October 2013.

**Keywords:** Zhigalina, Kurdologist, Institute, Oriental, Soviet, Archive.

**الكوردلوجيا الروسية أولگا إيفانوفنا ژيگالينا (1946-2013)**

**هەوراز جوهر مجيد** **نهرو اسماعيل محمد**
كلية الاداب قسم التاريخ جامعة صلاح الدين-اربيل

**ملخص**

تعد ژيكالينا من كبار المستشرقين الروس و التى اشتهرت و لمعت اسمها فى روسيا و هى مولعة بالدراسات الكردية حيث كتبت عدداً كبيراً من البحوث و الدراسات العلمية حول تاريخ الشعب الكردى، كما انها عملت و شاركت مع زملائه الاخرين من المستشرقين المعروفين انذاك مثل لازاريف، برماكوف وخالفين فى اعمالهم و التى انعكست على اهتمام ژكالينا مستقبلا بتاريخ الشعب الكردى و قضيتها القومية، نشرت المستشرقة معظم مؤلفاتها و بحوثها باللغة الروسية فى ثمانينات القرن الماضي في مجلة معهد موسكو للدراسات الشرقية. كما نشرت قسما من بحوثها في المجلات الأوروبية باللغتين الانجليزية والألمانية مما ساهمت كثيرا فى تعريف هوية الكرد وثقافتهم فى بلدان اوربا الغربية. مؤخرا وفى عام 2004 أصبحت ژكالينا رئيسة قسم الدراسات الكردية في معهد الدراسات الشرقية للأكاديمية الروسية للعلوم خلفا للمستشرق الشهير لازاريف وبقيت فى منصبها حتى وفاتها 23 أكتوبر 2013.

**مفتاح الكلمات:** المستشرق، ژكالينا، معهد، سوفيەت، ارشيف، الروسية.